# تۆلیرانس یان مەرگ

پێویستە پێشڕەوانی کولتوری ئەورووپی گورز بدەن لە توندڕەوە ئیسلامیەکان. بەڵام: چۆکیان بۆ دادەدەن.

نووسینی:
بروس باوەر[١]

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:
بەختیار کەریم

ساڵێکی سەخت بوو بۆ ئازادی دەربڕین لە ئەورووپا.

لە 2004/11/04 فیلمسازی هۆڵەندی "ثیۆ ڤان گۆف" قەسابی کرا لەسەر شەقامێکی ئەمستردامدا لەلایەن "موحەمەد باوەیری"وە، موسوڵمانێکی ڕادیکاڵ کە بە فیلمەکەی ڤان گۆف کەلەیی بووبوو، فیلمە ڕاشکاوەکەی ڤان گۆف دەربارەی کویلەیی ژن بوو لە ئیسلامدا. بۆ زۆرێک لە ئەورووپیەکان، کوشتنی قسەلەڕووترین کەسایەتی هۆڵەندی جەختی لەسەر گرنگی پاراستنی ئازادی دەربڕین کردەوە. ("بژی هۆڵەندا، بژی گوتاری ئازاد!" ئەمە نووسراوی بیناونیشانی سەر یەکێک لەو نووسینانەیە کە بۆ یاد و ڕێزی قوربانی لە شوێنی تاوانەکە لە نێوان هەزارەها گوڵدا دانرابوو.) زۆرێک لە ئەندامانی خێرا-گەورەبووی جفاتی موسوڵمانان لە ئەورووپا لەگەڵ چەند نا-موسوڵمانێکدا سوورن لەسەر ڕاگرتنی ئاشتی لە کیشوەرێکی نیگەران و پەرتبوودا، وەلێ بە دەرئەنجامێکی تەواو جیاواز دەگەن: بۆ ڕێزگرتن لە بەرهەستیەکانی موسوڵمانان پێویستە ئازادی دەربڕین سنووردار بکرێت.

ئەم بۆچوونەی دواییان بە ڕاشکاوی لەلایەن ئیمامی کۆپنهاگن "ئەحمەد ئەبو لەبان"ەوە دەبڕینی لێکرا، کاتێک فیلمەکەی "ڤان گۆف"ی بەوە تاوانبارکرد کە "سنورەکانی ئازادی دەربڕینی شکاندوە" هەروەها پێیداگرت لەوەی کە پێویستە "گفتوگۆی کراوە لەسەر ئەو سنورانە بکرێت". ئیقبال سەکرانی لە کاونسلی موسوڵمانانی بەریتانیا هاوڕابوو. پرسی کە " ئایا ئازادی دەربڕین سنوری نیە؟پاشان گووتی"موسوڵمانەکان تەنها نین لە گووتنی 'نا' و داواکردنی پارێزگاری لە دژی شێواندنی باوەڕ پتەوە خۆشەویستەکان."

ئەم دەنگانە بە گوێی کەڕدا نەدران. لەم ساڵەی پاش کوشتنی ڤان گۆف، "سنورەکان" و "پارێزگاریەکان" کە لەلایەن 'لەبان' و 'سەکرانیەوە' بانگەشەی بۆ دەکرا چەسپێنران. پێداچوونەوەیەکی خێرا:

- زۆرێک لە هونەری مۆزەخانە و گالەریەکان- توخمێک کە تەنانەت لە دۆخی ئاساییدا ئەو بابەتانە ئاشکرا دەکات کە وروژێنەرن- بڕیاریانداوە کە وروژاندنی موسوڵمانەکان زیادەڕۆییە. لە مانگی یەکدا، "مۆزەخانەی کەلتوری جیهانی" لە گۆتنبێرگ، سوێد، تابلۆی

'*Scène d'amour*'ی داگرت، ئەمە لەلایەن نیگارکێشەکەیەوە 'لۆزلا دەڕابی' وەک "بەدەنگەوەهاتنێک بۆ دووفاقی موسوڵمانان بەرامبەر سێکسوالیتی، بەتایبەتی سێکسواڵێتی ژنان" لەقەڵەمدرا. لە مانگی دەدا، تەیت گالەری لە لەندەن تابلۆی 'خودا مەزنترینە'ی 'جۆن لاثام'ی لابرد، تابلۆیەک کە کۆپی قورئان و ئینجیلی لە خۆگرتوە. (لاثام گالەریەکەی بە ترسنۆکیی تاوانبارکرد.)

- دادوەرانیش کەمتەرخەمیان نەکردوە. لە مانگی پێنجدا، بڕیارێک کە لەسەر داواکاری 'یەکێتی موسوڵمانانی ئیتاڵیا' درا، دادوەر لە شاری 'بێرگامۆ'ی باکوری ئیتالیا فەرمانیدا کە نووسەر 'ئۆریانا فەلاچی' دەبێت دادگایی بکرێت لەسەر شێواندنی ئیسلام لە کتێبەکەیدا 'هێزی ئاوەز'. (ئۆریانا پێشتر لەسەر هەمان تۆمەت لە دادگایەکی فەڕەنسیدا دادگاییەکەی بردەوە). لە مانگی نۆدا، دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپی سزای دادگایەکی تورکی چەسپاند لە دژی بڵاڤۆکێک لەسەر لەچاپدانی ڕۆمانێکی 'عەبدوڵا ڕەزا ئەرگۆڤان' بەناونیشانی "*Yasak Tümceler*"، کە گوایە "سوکایەتی بە موحەمەدی پەیامبەر و ئایینەکەی کردوە."
- یاسادانەرانیش ڕیوشوێنیان گرتۆتەبەر. لە مانگی چواردا، بەبێ هیچ پرسوڕا و گفتوگۆیەک لەگەڵ جەماوەردا، پەرلەمانی نەرویجی یاسایەکی دەرکرد کە سزای بۆچونی ڕوشوێنەر دەدات لەسەر هەر ئاینێک بێت بە تا سێ ساڵ زیندانی- هەروەها ئەرکی چەسپاندن دەخاتە ئەستۆی تۆمەتبارکراو. سێ مانگ پاش ئەوە، خانەی نوێنەرانی بەریتانیا ڕەزامەندی خۆی بەخشی بە یاسایەک کە ئەو "گوتار و ڕەفتار"انە دەکاتە تاوان کە لەوانەیە "کینەی ئایینی یان ڕەگەزیی جۆش بدات." (لە 2005/10/25، خاڵە زۆر توندەکانی ئەم یاسایە لەلایەن خانەی لوردەکانەوە ڕەرتکرایەوە- نمونەیەکی تەنز ئامێزە کاتێک دامەزراوەیەک کە نا-دیموکراتیانە هەڵبژێردراوە دەبێتە پاسەوانی دیموکراسی بە ڕەتکردنەوەی یاسای دامەزراوەیەک کە دیموکراتیانە هەڵبژێردراوە.)
- بۆ هەندێک لەو ئەوروپیانەی سەرقاڵی کاری دەربڕینن، سنورەکانی حکومەت پێداویستیەک نەبووە، ئەوان بە خواستی خۆیان سانسۆریان لەسەر خۆیان داناوە. پاش ئەوەی "هۆشیاری دراوەتێ لەلایەن هاوڕێ موسوڵمانەکانیەوە" ماوەیەک پاش کوژرانی ڤان گۆف، دەرهێنەری هۆڵەندی 'ئەلبێرت تار هێرات' بڕیاریدا کە زنجیرەیەک لە 'کۆمیدیە فرەکەلتورییەکەی' بەناوی "شوف شوف حەبیبی" "دوابخات"!. لە مانگی یەکیشدا بەرهەمهێنەر 'گیس ڤان دی وێستێلەکان' لە نمایشی فیلمەکەی لە فێستڤاڵی فیلم لە ڕۆتەردام پاشگەزبووەوە، بابەتی فیلمەکە دەربارەی "سانسۆرکردنی فیلم" بوو. (لەجیاتی ئەوە، بینەران دوو فیلمیان بینی کە سۆزی هەبوو بۆ کردەی خۆتەقاندنەوە.)
- داکۆکیکاران لەم پەلامارە فرەبەرەیە بۆ سەر ئازادی دەربڕین هەندێک جار ڕەخنە لە ئیسلام وەک ڕەگەزپەرستی دەناسێنن. بێگومان ئیسلام ڕەگەز نیە بەڵکو ئایینێکە کە لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا پێویستە ئایدۆلۆجیاکەی بۆ ڕەخنە بەتەواوی ئاوەڵابێت. هەروەها بۆ کۆمیدیا و گاڵتە. بڕیارەکەی خانەی نوێنەرانی بەریتانی هونەرمەندی کۆمیدی 'ڕۆون ئەتکنسن'ی (کە نمایشی کاراکتەری میستەر بیین دەکات) زۆر تووڕە کرد، گووتی: "بۆ ووتنی نوکتەیەکی باش و ڕوشێنەر لەسەر ئایین پێویستە ستایش بکرێیت. بۆ ووتنی نوکتەیەکی خراپ، پێویستە گاڵتەت پێبکرێت. بیرۆکەی ئەوەی کە دەبێت سزا بدرێیت لەسەر ووتنی هەریەکیان شتێکی سەرسوڕهێنەرە." ئەتکنسن لەناو نووسەران و هونەرمەنداندا تەنها بوو لەم ڕەخنە ڕاشکاوەیدا لە یاساکە.

- بۆ دڵنیابوون، پێویستە بووترێت کە ئامادەگی بۆ قوربانیدان بە ئازادی دەربڕین بەربڵاونیە. لە کۆتایی مانگی نۆدا، لە وەڵامی ڕاپۆرتێکدا کە گوایا هونەرمەندە دانیمارکیەکان هێندە لە تۆڵە دەترسن کە کەسیان ناوێرن نیگار بۆ کتێبێک لەسەر موحەمەد بکێشن (بەڕای هەندێک موسوڵمان نابێت نیگاری موحەمەد بکێشرێت)، ڕۆژنامەی دانیمارکی 'ئولاندس-پۆستێن' بانگهێشتی کۆمەڵێک هونەرمەندی کرد کە نیگاری کێشراوی پەیامبەر بنێرن بۆ ڕۆژنامەکە. دوانزە هونەرمەند نیگاری خۆیان نارد کە ڕۆژنامەکە بڵاوی کردەوە- هەندێک لەوانەی کە 'کەمتر لە ڕێزیان' بۆ دامەزرێنەری ئیسلام داناوە- بوونە هۆی هەرایەک. هونەرمەند و ڕۆژانامەوانەکان هەڕەشەنامەی مردنیان بەدەستگەیشت[II]، سەفارەتی چەندین دەوڵەتی ئیسلامی نارەزاییامەیەکیان پێشکەشی سەرۆک وەزیرانی دانیمارکی 'ئەندرێس فۆگ راسموسەن' کرد (ئەویش ڕازینەبوو کە بیانبینێت "چونکە وەک چاوی قرژاڵ ڕوونە لەسەر چ پرنیسپڵ و بنەمایەک دیموکراسی دانیمارکی بنیاتنراوە، ئیتر پێویست بە دیدار ناکات.")، هەروەها پێنج هەزار موسوڵمان خۆپیشاندانیان لەسەر شەقامەکانی کۆپنهاگن ئەنجامدا. بەهەمەحاڵ 'ئولاندس-پۆستێن'ی گەماردۆدراو چۆکی دانەدا و نووسی: "مافی خۆمانە بڵێین، بنووسین، فۆتۆ بگرین، و نیگاربکێشین لەسەر ئەو بابەتانەی کە دەخوازین لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا کەهەن و پێویستە بەبێ مەرج بەرزڕابگیرێن!"

کاتێک کۆتایی ساڵی 2005 بەرۆکمان دەگرێت، ڕەفتارێکە (ئازادی دەربڕین و ڕەخنە لە ئیسلام؛ وەرگێڕ) کە لە زۆربەی بەشەکانی ئەوروپا لە دابەزینێکی بەرچاودایە.

سەرچاوە: Reason online: 30/11/2005

http://www.reason.com/hod/bb113005.shtml

---

[I] بروس باوەر نووسەرێکی ئەمریکیە و نیشتەجێی نەرویجە. کتێبەکەی بە ناونیشانی "لەکاتێکدا ئەوروپا خەوت: چۆن ئیسلامی ڕادیکاڵ لە ناوەوەڕا خۆرئاوا وێران دەکات" بەمزوانە بڵاودەبێتەوە

[II] بۆئەوەی خوێنەر خەیاڵی ئاسودەبێت لێرەدا دەتوانن سەنجێکی ئەو وێنەیە بدەن کە هەڕەشەی مەرگ لەو هونەرمەندەی کێشاویەتی و لەو ڕۆژنامەیەی بلاویکردۆتەوە دەکرێت، بۆ سەرسامیمان ئەمە لەلایەن کەسانێکەوە دەکرێت کە داوای تۆلێرانس دەکەن، بەڵام ئایا خۆیان لە بنەمادا بڕوایان پێی پێیەتی؟ وێنەکە کاری هونەرمەند (Rasmus Sand Høyer)

